

## نیوەی گەنجان دەڵێن: بەبێ ( ئێم ئێس ئێن )
## ژیان مانای نییە

گەشاوە جاف

وەرگێرانی لە هۆڵەندیەوە:   گەشاوە جاف

ئەم سەردەری هەواڵی رۆژنامەی تەلی گرافی هۆلەندی بوو کە باس لە چینی گەنجان دەکات وە سەرەنجیان بەرامبەر( ئێم ئێس ئێن).

سخیپۆڵ- ڕایك  لەدەوری ٥٥٪ گەنجان دەڵین ناتوانن پێش بینی ژیان بکەن بەبێ( ئێم ئێس ئێن- مەسنجەر) ئەم هەواڵە لە ئەنجامی لێکۆڵینەوەی رۆژی سی شەمە دەرکەوت کە پیشکەش بە ٢٨٠٠ کەسی گەنجی بەکارهێنەری خزمەت گوزاری چات کرابوو بۆ وەرگرتنی زانیاری بۆ چوونیان وە رێژەی بەکارهێنەرانی ئەم بەشە.  لە ڕیگەی ئەم لێکۆڵینەوەیە دەرکەوت کە گەنجان کۆمپیووتەر بە گرنگ ترین دەزگا دەزانن لە ژیانیان دا ، وە بە ڕێژەی دوو بەرامبەر بەگرنگ تریان زانی لە تەلەفۆن هەروەها پێنج بەرامبەرلە تەلەفزیۆن. کەمتر لە ڕێژەی ٧٠٪ لە وانەی کە پرسیاریان ئاراستە کرابوو وتیان کە ئەنتەرنێت سە رچاوەیەکی گرنگە بۆ هەوال.....   وە هەر لە ئەنجامی ئەم لێکۆڵینەوە یە دەر کەوت کە نیوەی گەنجان لە ڕێگەی ( ویندۆ لایف مەسنجەرە) وە خۆشەویستی ژیانیان دۆزیوەتەوەو بۆتە هۆی پێکەوەنانی ژیانی هاوسەری.

لە هۆڵەندا هەموو مانگێك دوو ملیارد و نیو قسەکردن لە رێگەی مەسنجەرەوە ڕوو ئەدات لەلایەن شەش  ملیۆن کەس کە ئەکاونتیان هەیە وە  ڕێژەی  ما مناوەنی کۆنتاکت پێرسۆنەکان بریتی یە لە هەشتا و سێ کەس.

بە بۆ چوونی مایکرۆ سۆفت ئێم ئێس ئێن  گەنجان ماوەی شەش کاتژمێر ئەم بەشە بەکاری دەهێنن هەفتانە، هەروەها بەشەکانی تری ئەنتەرنێت لە رێگەی مایکرۆسۆفتەوە ئەتوانن زۆر سوود وەربگرن لەم بەکارهێنانە.هەروەك بەشی ئیمایل کە شەش ملیۆن و نیو ئەکاونتی هەیە ، مایکرۆ سۆفت رێژەی دوو ملیۆن و سی سەد هەزار جیگای هەیە بۆ( وێنە گۆڕینەوە و خزمەت گوزاری بلۆگ لە ویندۆ لایف) دا.وە ئێم ئێس ئێن ی هۆلەندی مانگانە سی ملیۆن و چوار سەد هەزار بەکارهێنەری هەیە

هەر بۆی  ئەم هەواڵە لە کۆمپانیای ویندۆ لایف بەشی ( ژیان هیج نیە بە بێ تۆ)بەهۆلەندیەکان کە بەکارهێنەری ویندۆ لایف و ئەوانەی سەردانی بەشی ئێم ئیس ئێن دەکەن  بە دریژایی رۆژێك کە ١٢ دیسەمبەر بوو هەموو هۆڵەندیەك ئەتوانێ لە و رۆژەدا نامە بنێرێت کە لە لایەن ملیۆنێ کەس کە سەردانی ئەم بەشانەدەکەن بینرێت ئەمەش وەك دیاریەك وەهابوو لە لایەن کۆمپانیای ویندۆ لایف مەسنجەر بۆ بەکارهێنەرەکانی.

٢٠٠٧

لەندەن